# ئەنرات نیوەی سزاکەی "د. کەمال" , وەربگرێت
# ئەمرۆ دەبێتە ئاهەنگ لە دادگای لاهای

قادر نادر
2005/12/23

لەکوردستان شتی وا سەیرو سەمەرە لە عەقلی دەسەلاتی کوردی روووودەدات  بە رامبەر رووداوە سیاسی و دیموکراسیەکان کە مرۆڤ لەناخەوە دە هەژێنێت ,وەک ئەوسزاایەی کە لە دادگای هەولێر  بۆ د کەمالی برایەوە, ئەویش 30 سالە بەبیانووی سوکایەتی  پێکردنی چەند کەسێک  . کە دلنیام 2 رووداوی تری وا رووبدات, زۆربەی ئەو رۆشنبیرە راستگۆیانەی خەمخۆری دیموکراسیەتن لەکوردستان تووشی ململانێیەکی زۆر توندتردەبین لەگەل عەقلی دەسەلاتی کوردی, ئەو کات هەموو توانای ئەو خەلکە تێکۆشەرە لەبڕی ئەوەی دژی دوژمنانی کورد بێت روبەرووی هێزەکوردیەکان دەبێتەوە, ئەمەش زیانێکی گەورە بە کێشەی کورد دەگەیەنێت ,چونکە لەیلا زانا کاتێک لە نێو پەرلەمانی فاشستە تورکەکانەوە بەسێ رەنگی ئالای کوردستان وبەزمانی قەدەغەکراوی کوردی  قسەی کرد کە لای تورکەکان لوتکەی سوکایەتی بوو کەچی ئەو سزایەی بەرنەکەوت؟

( فرانس ڤان ئەنرات) کەبەهۆی فرۆشتنی چەکی کیمیاوی بۆ رژێمی سەدام وا نزیکی 2 سالە بە هەول و کۆششی چاک وپارتی سۆسیال دیموکراتی هۆلەندی لە ژێر لێکۆلینەوەی دادگایە , دەتوانین بلێین بە لایەنی کەم 20 هەزار مرۆڤ بەو مادانەی فرانس فرۆشتویەتی شەهیدبووە , بە خەلکی هەر دوو بەشی کوردستان ( باشوورو رۆژهەلات ) و سوپای ئێراندا.

رێکخراوی چاک بریاریداوە ئەمرۆ ئاهەنگێکی گەورە بگێرێت  ئەگەر تەنیا15 سال زیندانی بکرێت واتە نیوەی حوکمی د کەمال.

بەخوا ئێمە لەو نهێنیەی سزای د کەمال ناگەین  ئەگەر نا لە کیمیا فرۆشتنەکەی ئەنرانت گەورەترنییە؟

پارتی و یەکێتی هەر کاتێک پێویستیان بە جەماوەر بێت هەزارو یەک دوژمنی  بۆ دەدۆزنەوە خوا ش بۆیان دەنێرێت ,تا سەدام لەدەسەلات بوو ئەوەی رەخنەی  دەگرت بەتابوری 5یان لە قەلەم دەدا, دوای روخانیشی نۆرەی جەعفەری  و زەرقاوی هات.

سەرکردەکانی کورد کەدێنە  سەر کەنالەکانی راگەیاندن باس هەر باسی هەولدانیانە بۆ بەرەو پێشچوونی کێشەی کورد لە نێوەندە سیاسی و میدیایی و پەرلەمانی لە ئەورپاو ئەمەریکادا , بەلام لەرووی پراکتیکدا خۆیان گەورەترین رێگرن لە بەرەو پێشچوونی , لێرەدا باس لەوەناکەین دیماگۆجیان تەنیا لەیەکنەگرتنەوەی 2 ئیدارەکە دەردەکەوێت , بەلکو بە هەزار قولو اللە تاکێشەی کورد هەندێ پای گرت لەنێوەندە سیاسی و پەرلەمان و میدیاکان و هەندێ دۆستمان بۆ پەیدا بوو ,ئەمەش بەروبومی  خەباتێکی نەپساوەی 80 سالەیە  کە لە نێویدا کیمیاباران و ئەنفال و کۆچرەوە.

ئەوەی لە پەروەندی د کەمالەوە هەست پێ دەکرێت  پارتی هیچ باکی ئەوتۆی بە گەرانەوە بۆ دواوە و ناشیرن کردنی کێشەی کورد نیە دەنا ئەو پەروەندەی بەو شێوە چارەسەر نەدەکرد لەنێو پە رلەمان و رێکخراوە نێو دەولەتیەکانی جیهانی وەک ئەمنستی و پێن کلوب و میدیای ئەورپی.دا................کە ئەمانەبەشێکی گرنگن لە بریاری سیاسی لەئەورپاو ئەمەریکا  دا, چونکەتەنیا  لە وولاتێکی وەکو سوید کە من  خوێندومەتەوەلە هەندێ میدیای کاریگەری سویدی هەوالی زیندانی کردنی د کەمال بلاو کراوەتەوە, وەک تێکست تێڤی و رۆژنامەیەکی وەک  SV D  کەزیاتر لە 1 ملیۆن خوێنەریان هەیە, ئەمە جگە لەوەی لە

چەندین وولاتی ترباس کراوەو دلنیام زیاتریش دەبێت , یان ئەو هەوالەی پارێزەری د کەمال "نوری عومەر" لە پالتاک رای گەیاند کە ئەمنستی بریاری داوە کەمپینێکی جیهانی دژ بەو بریارەی دادگای هەولێر سازبکات.پرسیار ئەوەیە لەپارتی دەبێت چ قازانجێک لەو شەرە گەورە هەبێت بۆ کورد لەگەل ئەولایەنانە ,پارتی لەو مەسەلەیە جارێکی تر سەلماندی رەخنەگرتن لە خەتە سورەکانی , شەری مان و نەمانی لەسەر دەکات !!؟